ئاسایشی نیشتیمانی دەستگیرکردنی دوو تۆمەتباری راگەیاند

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە دوو تاوانباری دەستگیرکرد لە بەغداو زیقاڕ کە 60 هەزار دۆلاری ساختەیان پێبووە.

لە بەیاننامەیەکی دەزگاکە دا هاتووە:- بەپێی زانیاری وردی هەواڵگری وبەدوواداچوونکردن لەلایەن تیمەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی لەزیقاڕ و پاش بەدەستهێنانی ڕێکاری یاسایی توانرا تۆمەتبارێکە لەکاتی گەیاندنی 30 هەزاردۆلاری ساختە بە کەسێک دەستگیربکرێت، کەپاشان دانی نا بەتاوانەکەی.

وتیشی کە تیمەکانمان بەهەمانشێوە لەبەغداد توانیان تۆمەتبارێک دەستگیربکەن کە 30 هەزار دۆلاری ساختەی پێبووە، ڕوونیشی کردەوەکە تاوانبارەکان ڕەوانەی لایەنی دادوەری کران بۆ سزادانیان.